| | |
|---|---|
| **حکومەتی هەرێمی کوردستان**<br>**وەزارەتی تەندروستی**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر**<br>**بەشی پلان**<br>**هۆبەی هێزی کار** | **حكومة اقليم كردستان**<br>**وزارة الصحة**<br>**المديرية العامة/ صحة اربيل**<br>**قسم التخطيط**<br>**شعبة القوى العاملة** |

ژمارە: ٧٧٤٧

بەروار: ٥ / ٥ / ٢٠١٣ زاینی
/ / ٢٧١٣ کوردی

**بۆ/گشت بەڕێوەبەرایەتیەکان و نەخۆشخانەکان و دەزگا تەندروستیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان**
**ب/گشتاندن**

هاوپێچ لەگەڵ ئەم گشتاندنە وێنەیەک لە ڕێنمایەکانی لیژنەی ڕاوێژکاری بۆ پزیشکانی پسپۆڕ کە پەسەند کرا لە لایەن لیژنەی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر)،
تکایە بۆ بڵاو کردنی ناوەڕۆکی ڕێنمایەکان بۆ گشت پزیشکانی پسپۆڕ بۆ زانین و پەیڕەوکردنی.
لەگەڵ ڕێزماندا.................

هاوپێچ:
- وێنەیەک لە ڕێنماییەکان

د. مغديد خدر مجيد
بەڕێوەبەری گشتی

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- بەشی پلان/ کاروباری هونەری/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- ب. بنکە تەندروستیەکانی ناوشار/ ب.ت. دەوروووبەری شار/ ب.ت. شەقڵاوە/ ب.ت. سۆران/ب.ت. بارزان/ ب.ت. چۆمان/ کەرتی تەندروستی مەخمور/ بۆ کاری پێویست تکایە.
- ن. هەولێری فێرکاری/ ن. ڕزگاری فێرکاری/ ن. ئافرەتان و لەدایکبوونی فێرکاری/ن. ڕاپەرینی فێرکاری بۆ منداڵان/ ن. پسپۆری نەشتەرگەری فێرکاری/ ن. فریاکەوتنی ناوەندی هەولێر/ ن. فریاکەوتنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر/ ن. فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر/ ن. ئیمێرجنسي/ ن. ئانەکەلی بۆ نەخۆشیەکانی خوێن/ ن. دەروونی هەولێر.
- ژمێریاری/فەرمانبەران/ میلاک/ گواستنەوە/کارگێری/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا.
- ماڵپەری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان/ بۆ بڵاو کردنی تکایە.
- خولاو

د.مازن/پلان

# رینمایی یەکانی لیژنەی راوێژکاری بۆ پزیشکانی پسپۆڕ

(١)- ماوەی کارکردنی پزیشکانی پسپۆر لەدەرەوەی شار(پلەبەندی پسپۆری) ئاماژە بەفەرمانی وەزاریمان (٥١٣) لەبەرواری ٢٠١٣/١/٢٣ بەپێ ی جۆری بڕوانامە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

أ- هەلگرانی بڕوانامەی (بۆرد) ماوەی (٢) دوو ساڵ.

ب- هەلگرانی بڕوانامەی (دبلۆمی دووساڵە و ماستەر) ماوەی (٣) سێ ساڵ.

ج- هەلگرانی بڕوانامەی (دبلۆمی یەك ساڵە) ماوەی (٤) چوار ساڵ.

د-پاش تەواوبوونی ماوەی کارکردنی بۆی هەیە داوای گواستنەوە بکات بەمەرجی دابین کردنی بەدیل.

(٢)- ماوەی کارکردنی پزیشکانی پسپۆر لەدەرەوەی شار(پلەبەندی پسپۆری) کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دێن بۆ ماوەی (٥)ساڵ دەبێت لەدەرەوەی شار کاربکات سەرەرای برگەی یەکەم.

(٣) هەر پزیشکێکی پسپۆر داوای تەنسیب بکات بۆ ب.گ.ت.کۆیە لەکاتی پلەبەندی پسپۆری دووبارە دابەش دەکرێتەوە بەسەر بەرێوەبەرایەتیەکانی دەرەوەی شار بەپێ ی پێویستی بەرێوەبەرایەتیەکەمان لەکاتی هەلوەشاندنەوەی تەنسیبەکەی لە ب.گ.ت.کۆیە.

(٤)- دەکرێت پزیشکی پسپۆڕ لە ماوەی پلەبەندی ,داوای تەنسیب بکات لە بەرێوەبەرایەتیەکەوە بۆ بەرێوەبەرایەتیەکی ترپاش وەرگرتنی ڕەزامەندی هەردوولا.

(٥)- ئەو پزیشکانەی کە لەسەر میلاکی دەزگاکانی تری دەرەوەی وەزارەتی تەندروستین(زانکۆی هەولێری پزیشکی , ئەنجومەنی بالاّی کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی ,...هتد) وە داوای تەنسیب دەکەن بۆ سەردەزگا تەندروستیەکانی ب.گ.تەندروستی هەولێر,دەبێت نووسراوی فەرمیان پێ بێت لەو شوێنە کە کاری لێدەکەن ئاراستەکرابێت بۆ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر و ئەم زانیاریانەی خوارەوەو رێنماییەکانی برگەی هەشتەمی تێدا رەچاوکرابێت:

أ- ناوی سیانی .

ب- ناونیشانی کارەکەی (پزیشکی پسپۆڕ, پزیشکی ن.دێرین , پزیشکی .ن.خولاو, پزیشکی خویندنی بالاّ....هتد).

ج- بواری پسپۆڕایەتیەکەی ( نەشتەرگەری گشتی , هەناو ......هتد).

د-جۆری بڕوانامەکەی (بۆردی عیراقی , بۆڕدی عەرەبی , دبلومی دووساله, دکتوراه.......).

پلان /د.سیروان

هـ- ماوەی تەنسیبەکە دیار بکرێت بە رۆژ و ژمارە ( واتە چەند رۆژ لە هەفتەیەکدا وە چ رۆژێك).
و- فۆرمی لاری نەبوونی ئەو دەزگا تەندروستیە کە دەیەوێت بۆی تەنسیب بکرێت لەگەڵ نوسراوی زانکۆی هەولێری پزیشکی یان هەردەزگایەکی تر هاوپێچ کرابێت ( ئەم فۆرمە لەماڵپەری بەرێوەبەرایەتیەکەمان دەست دەکەوێت ).
ی- دوا بڕوانامەی پسپۆرایەتیەکەی هاوپێچ کرابێت لەگەڵ نوسراوی زانکۆی هەولێری پزیشکی (ئەگەر دەرچووی زانکۆکانی دەرەوەی عیراق بێت دەبێت بڕوانامەی هاوسەنگی لەگەڵ هاوپێچ کرابێت).

(٦)- پزیشکانی پسپۆری میلاکی زانکۆی هەولێری پزیشکی و ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرایەتیەکانی پزیشکی دەتوانن لە هەمان ماوە داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن ، تکایە بۆ پابەندبوونتان .

(٧)- داواکاری بۆ گواستنەوە و تەنسیب کردن بەهیچ شێوەیەك بە دەست وەرناگیریت تەنها لەرێگەی ماڵپەرمانەوە دەبێت بەپێچەوانەوە داواکارییەکەی پشت گوێ دەخرێت.

(٨)- هەرنووسراوێك بۆ گواستنەوە و تەنسیب لە هەر لایەنێك یان هەر دەزگایەکی تەندروستی ئاراستەکرابێت بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و هاوپێچ نەکرابێت لەگەڵ فۆرمی تایبەتی گواستنەوە یان تەنسیب ئەوا پشتگوێ دەخرێت.

(٩)- هەر موڵەتێك وەربگیرێت لەماوەی پلەبەندی دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە تەنها (٢١)رۆژ هاوسەرگیری و پێش لەدایکبوون و (١٤)رۆژی لەکاتی نەشتەرگەری گەورە.
(١٠)-گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەکان بەتایبەتی نەخۆشخانەی فێرکاری اولویە بەپێ ی بەرزی بڕوانامە دەبێت.

(١١)-تەنسیب بەهیچ جۆرێك ناکرێت جگە لەوانەی کە لەبەرژەوەندی بەرێوەبەرایەتیەکەمانە.

(١٢)- گواستنەوەی راژە بۆ سەرمیلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت :-
(أ)- ماوەی پلەبەندی پسپۆری دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی پسپۆری تەواوی کردبێت .
(ب)- بەڵین نامە گەر هەبێت دەبێت ماوەکەی تەواو کردبێت.

پلان /د.سیروان

(١٣)-پسپۆریە دەگمەنەکان دەکرێت استثناء بکرێت لە برگەی یەکەم ئەگەر ب.گ.ت.هەولێر بەپێویستی زانی.

(١٤)- بەرێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکان دەبێت رەچاوی رەخساندنیهەل بکەن بۆ پسپۆرەکان لەبەش و یەکە و کلینیکە جیاجیاکان نەوەك چەند شوێنێك قۆرخ بکریت لەلایەن یەك پسپۆرەوە و پسپۆرانی دیکە هیچ هەلێکی کارکردنیان نەبێت لەو نەخۆشخانەیە.

(١٥)- لەکاتی بوونی هەربوارێکی نائاسایی لێژنەی راوێژکاری کۆبوونەوە ئەنجام دەدات و بڕیاری گونجاو بەپێ ی بوارەکە دەردەکات.

(١٦)- ئەم رێنماییانەی سەرەوە پزیشکی هەموو میلاکیك (ب.گ.ت .هەولیر،زانکۆی هەولیری پزیشکی ......هتد) دەبێت پابەند بێت پێ ی.

پلان /د.سیروان